# پەیامی خەڵکەکەمان

* پاککەرەوەکانی گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی گلەیی لە شارەوانی دەکەن چونکە مووچەیان زۆر کەمە، دەڵێن تەنیا مانگانە ٩٠ هەزار وەردەگرن، بەوهۆیەوە زۆر جاران دڵتەنگ دەبن و نایەن و کارەکانی خۆیان ئەنجام نادەن. ئیدی ئێمەش ناچارین کە شەوانە پاشەڕۆکی ماڵەکانمان ببەینە دەرەوەی شار و خۆمان فڕێیان بدەین

**ڕ. موحسن**

* هەندێ نەخۆشخانە هەن کارەکانیان بە ڕێکوپێکی ئەنجام نادەن، بۆ نموونە لەم ڕۆژانە ڕێم کەوتە نەخۆشخانەیەکی ئێشکگر کە گوایە مۆدێرنەو ئامێرەکانی تەواون کەچی پشکنینی خوێنیان بۆ نەکردم و ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنیان کردم، ئاخر کەی ئەمە ڕاستە؟!

**هێمن.ع.ک**

* ئێمە دانیشتووی خانووەکانی نزیک فڕگەی بەکرەجۆ تەواو هەراسانین، سیمی تەلدڕۆیان بە دەورەدا کێشاوین، نا توانین سەیارەکانی خۆمان ببەینەوە ماڵ، نازانین بۆ وامان لێدەکەن ؟! زۆربەمان بیر لە گواستنەوە دەکەینەوە، کەچی خانوو دەست ناکەوێ، ئەرێ کێ بە هانامانەوە دێ ؟!

**کەسێکی دانیشتووی ڕیزە ماڵەکە**

* دەڵێن دەوڵەمەندەکانی وڵاتان هەوڵدەدەن بە پارەکانیان پۆستی حکومەت و بەرپرسیارێتی مسۆگەر بکەن ، بۆ ئەم مەبەستەش دەیان ملیۆن دۆلار سەرف دەکەن، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا هەندێک لە بەرپرسەکان پۆستەکانیان بۆ بەدەستهێنانی سامان بەکار دەهێنن و دەیان ملیۆن دۆلار کۆدەکەنەوە.

**خوێنەرێکی ئینتەرنێت**

# بەیاننامەی CPKJ سەبارەت بە گوشارەکانی ئاسایش بۆ سەر ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار

ناو: جەمال ئیختیار دینی ناسراو بە جمال ڕەحمان حەسەن

لە دایک بووی: بانە - ڕۆژهەڵاتی کوردستان - ١٩٧٦ وەکو پەنابەر لە باشوری کوردستان دەژیت. پیشە: ڕۆژنامە نووس جێگری سەرنووسەری کوردش گلوب ، تا بەرواری ناوەراستی مانگی ٢٠٠٧ ، هاوکاری ڕۆژنامەی ئالای ئازادی، ئاژانسی - پێشوتەر لە ڕێگای کوردستان ، هاوڵاتی و خوێندکاری ماستەرە لە بواری سیاسەت و پەیوەندی نێودەولەتی لە زانکۆی هەولێر لە باشووری کوردستان.

ملازمێکی ئاسایشی گشتی بە ناوی کاردۆ چەندین جار ئازاری ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی دەدات و شەوی ٢٨/ ٢٩/ مانگی ئازا دووبارە دەچێتە سەر ماڵەکەی. ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی ناچار دەبێت لە بەرواری ٢ / ٤ / ٢٠٠٧ لە دادگە سکالایان لە سەر تۆمار بکات و لە ڕۆژنامەی ئاوێنە دا هەواڵێک لە سەر مەسەلەکە بڵاوبکاتەوە. ئەوەش دەبێتە هۆی تورە بوونی ئاسایشی گشتی هەولێر و لە ئەنجامدا ئاسایش سەعات ١١ شەوی شەمە ٧ی نیسان ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی دەرفێنن و دەخەنە زیندانەوە. ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی بۆ ماوەی ٢٢ ڕۆژ، واتە تا ڕۆژی ٢٩/ ٤ ٢٠٠٧ دەست بە مانگرتن لە خواردن دەکات . بە هۆی خراپ بوونی باری تەندروستی ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی ئاسایش ناچار دەبێت ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شاری هەولێری بکات.

ڕۆژی ٢٩ / ٤ ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی ئازاد دەکرێت بە مەرجێک داوای لێبوردن لە ئاسایشی گشتی هەولێر بکات و هیچ لێدوانێک بۆ ڕۆژنامەکان نەدات و شت لە دژی ئەوان و لە سەر بارودۆخی زیندان نەنووسێت.

فەرمانبەرانی ئاسایش، ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینیان بەوە تاوانبارکردوە کە دوژمنی کوردستانە چونکە شکایەتی لە ئاسایش کردوە و هەواڵی لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاو کردۆتەوە، هەروەها بەوە تاوانبارکراوە کە دوژمنی ئەمنی قەومی هەرێمی کوردستانە و لە هەموو شوێنێک دا دژایەتی دەسەڵات دەکات .

ئاسایشی هەولێر هەرەشەیان لە ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی کردوە کە بێ سەرو شوێنی دەکەن و سنورداشی ئێران دەکەنەوە لە کاتێکدا مافی پەنا بەری سیاسی لە هەرێمی کوردستانی هەیە .

ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی لە بەر هەڕەشەی ئاسایشی هەولێر ناچاربووە خوێندنەکەی لە زانکۆی کوردستان لە هەولێر بەجێبێڵێت.

لە ڕۆژنامەی میدیادا لە زاری عیسمەت ئەرگووشی بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی هەولێر تۆمەتی ئەوە بۆ ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی دروست کراوە کە گوایە ئەو بە تۆمەتی کار کردن بە مادەی بێهۆشکەر گیراوە. هەروەها لە ناو جەماوەردا باسی ئەوە دەکەن کە ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی ئیتلاعاتی ئێرانیە . لە کاتێکدا کە ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی لە سەر ئەو سکالا و هەواڵە گیراوە کە لە لاپەرە دووی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاو کراوەتەوە.



کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان ئەم کردەوەیەی ئەو فەرمانبەرانەی ئاسایش بە هەوڵێکی ئاشکرا دادەنێت بۆ دەمکوتکردنی ڕۆژنامەوانان و دوورخستنیان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری. ئەمەش پێچەوانەی یاساکانی ڕۆژنامەوانی و مرۆڤایەتییە. ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی پەنابەرێکی ڕەسمییە لە باشووری کوردستان و هەموو مافێکی هەیە ژیانی لە هەرێمی کوردستان بپارێزرێت.

کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرێبەرایەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکات لێکۆڵینەوە لە گەڵ ئەو فەرمانبەرانەی ئاسایش بکەن و بە گوێرەی یاسا مافەکانی ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی بپارێزێت و ئازادیەکانی بۆی بگەڕێننەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بگەڕێتەوە زانکۆی کوردستان لە هەولێر و خوێندنی خۆی تەواو بکات.

هەروەها داوا لە ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناسیونال، کۆمیتەی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ، ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانی جیهان، پەیامنێرانی بێسنوور و قەڵەمی ئازاد دەکەین هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر کێشەی ڕۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی ئاشکرا بکەن و دەسەڵاتی خۆیان بەکار بێنن لە پێناو پشتگیری کردن لە ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی.

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن.

**کۆپییەک بۆ:**

حکومەتی هەرێمی کەردستان
پەرلەمانی کوردستان
سەندیکای ڕۆژنامەوانانی کوردستان
ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناسیونال
کۆمیتەی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ
کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانی جیهان
ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان
پەیامنێرانی بێسنوور
قەڵەمی ئازاد

**کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان**

Ku_b_r_ku@yahoo.se

2007-05-31

# ئەرشەد زێباری پارتێک بۆ بەعسیەکان دادەمەزرێنێ!

## نوری بۆتانی

ئەگەر بە قسەی ڕۆژنامەی ئەلرەئی بێت، ئەرشەد زێباری سەرۆکی عەشیرەتی زێباری و هاوکاری دێرینی سەدام حوسێن و حزبی بەعس حزبێکی بۆ کوردستانی عێراق! دامەزراندووەو دەیەوێ باشووری کوردستان وەک ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لەچوار چێوەی عێراقدا بمێنێتەوە. دەڵێن ژمارەیەک لە ئەندامانی هۆزەکانی هەرکی و سورچی و زێباری پەیوەندیان بە ڕیزی پارتەکەی ئەرشەد زێبارییەوە کردووە. لێرەدا پرسیارێک خۆی قوت دەکاتەوە: گومانی تێدا نیە کە ئەرشەد کرێگرتەیەو دژی دەستکەوتەکانی کوردستانە، ئەی باشە چۆن کورد پەیوەندی بە ڕیزەکانی ئەو حزبەوە دەکەن کە تا دوێنێ هاوکاری سەرسەخترین و دڕەندەترین دوژمنی کوردستان بووە کە ئەویش حزبی بەعس و سەدامی دیکتاتۆر بوون؟!

ئەرشەد زێباری یەکێک لەو موستەشارانەیە کە پێشتر فەوجی جاشایەتی هەبوو، بۆ خۆشی پلەی وەزیری دەوڵەتی پێدرابوو، بە درێژایی تەمەنی خۆیشی هەمیشە لەسەنگەری دەوڵەتی عێراق دابووە، هەرگیز ئەوەش ناشارێتەوە. لەوەتەی ڕژێمی بەعس رووخاوە، دەوڵەتی تورکیا و عەرەبییە سوننیەکانی عێراق و وڵاتانی دیکە بانگهێشتی دەکەن و کۆنفرانس و کۆنگرەی بۆ دەبەستن و دەستی لە پشت دەدەن و دەیانەوێ دووبەرەکی لەنێو کورداندا دروست بکەن، بەڵام چۆن و بە چ شێوازێک دەکرێ پیلانەکانی دوژمن و ناحەزان پووچەڵ بکەینەوە؟!

پیلانی دەرەکی بەوە پووچەڵ دەکرێتەوە کە هێزە سیاسیەکانی کوردستان پەیوەندیەکی توندو تۆڵ لەنێوان خۆیاندا دروست بکەن، هەروەها وەڵامی داخوازیەکانی جەماوەری کوردستانیش بدەنەوە، بەرپرسەکانیش واز لە خۆ دەوڵەمەندکردن بێن و چیتر دەست بەسەر زەوی خەڵکانی دیکە دانەگرن و لەسەر خۆیاندا تاپۆیان نەکەن.

پیلانەکانی دوژمن و ناحەزان بەوە پووچەڵ دەبێتەوە کە سەرۆکایەتی هەرێم بڕیارێک دەربکات و نیزامی پاڵپشتی لە دامەزراندنی دامودەزگاکانی حکومەتدا هەڵوەشێنێتەوە. دەبێ سەرۆکایەتی هەرێم چاودێری کاری بەرپرسان و دامودەزگاکانی حکومەت بکات، هەوڵی چارەسەرکردنی قەیرانی کارەبا و سووتەمەنی و قەیرانەکانی دیکە بدات. ئەگەر دەمانەوێ ڕێگری لە پیلانی دوژمنان بکەین، دەبێ دەستەڵاتی ئەندامانی حزبە گەورەکان کەم بکرێنەوە.

ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری هەموویان یان زۆرینەی زۆرینە هەستیان کرد کە مافەکانیان پارێزراوەو کەس دەستدرێژیان لێناکات، ئەوانیش بە دڵسۆزیەوە پشتیوانی لە حکومەت و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکەن، بەڵام ئەگەر درێژە بە فەرق و جیاوازی بدرێ، لەوانەیە خەڵک ناچاربێ ڕێگەیەکی دیکە هەڵبژێرێ و رق و داخی خۆی بە جۆرێکی دیکە هەڵبڕێژێ کە بە زیانی نەتەوەو نیشتمانەکەیشی تەواو ببێ. بۆیە هەقە سەرکردایەتی سنگفراوانەتر باوەش بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بکاتەوە، بۆ ئەوەی مێژوو دووپات نەبێتەوە، تا لە دەست دەرنەچووە، با فریای وڵات بکەوین.

# موبارەک: شیری بایەعی دەدەم بەکچە بچکۆلەکەم



*** ئەتوانیت ناوتم پێ بڵێت و لەچ ساڵێک لەدایک بوویت؟**

ناوم موبارەک شەریف ئیبراهیمە و لەدایک بووی ساڵی ١٩٧٨ –م

*** کورێ کێیت و خەڵکی کوێیت؟**

ئیبراهیم، باوکم خەڵکی ئیمام قاسمە لەکەرکوک لای حەسیرەکە و دایکیشم خەڵکی سەرگەڵووە

*** خوێندەواریت هەیە؟** نەواللە، ئەوکاتەی کە ئاوارەبووین لەئێران دەرسم دەخوێند. بەهۆی ئەوەی کەزمانی فارسیم نەدەزانی، خوێندەواریم لەوێ، بۆمن قورس بوو وازم لێ هێنا.

*** ئێستاکە گەراونەتەوە بۆ عێراق لەکوێ دەژیت؟** ئێمە ئێستا لەشاری سلێمانی دەژین لەلای مەشروعی ئاوەکە خانوومان هەیە لەتاسلوجە

*** چەند کەسن پێکەوە دەژین؟** من و دوبراین کە هەردوکیان ژنیان هەیە لەگەڵ دایکێکی پیرم دا پێکەوەین.

*** باوکت ماوە؟** باوکم پار رەمەزان کۆچی دوایی کرد، نەخۆشی فتقی بوو، نەی دەوێرا بۆ چارەسەری بڕوات بۆ لای دکتۆر و ئێستا دایکیشم پیرەو بەگۆچان دەڕوات

*** کێ خزمەتی دایکت دەکات؟** خۆم خزمەتی دەکەم و خۆیشم یارمەتی ئەدەم.

*** تۆ، خۆت بەچیەوە مەشغوڵیت و چۆن خەرجی ڕۆژانە دەردەهێنی؟** من بەهۆی خراپ بوونی باری تەندروستیم ناتوانم ئیشی قورس بکەم بۆیە ماوەیەکە وازم لەکرێکاری هێناوە چونکە ئەژنۆم دێشێ و سنگم تەواونیە و ئازارم هەیە، سەرەرای ئەوەی کە کرێکاریشم دەکرد ڕۆژانە ١٠٠ دیناریان پێ دەدام، خەریکی حەماڵیم ئێستا لەناو بازاردا. ئەگەر دۆست و ئاشنا ئیشیان بێت دەمبەن بۆ ئیش.

*** تۆخۆت ژن و منداڵت هەیە؟** من، براکانم ژنیان بۆ هێنام و بوومە خاوەنی دوو منداڵ، کوڕێک و کچێک.

*** منداڵەکانت گەورەن؟** کورەکەم گەورەیە (٥ تا ٦) ساڵێک دەبێت و کچەکەم منداڵەو شیرە خۆرەیە.

وتت ژنەکەت تەڵاق داوە، بۆ؟ ژنەکەم باری دەرونی باش نەبوو منداڵەکانی بەجێ هێشت و بەخێویانی نەدەکرد، تەنانەت جارێکیان کورەکەمی بەماڵێک لەکانی کوردە فرۆشتبووبە پازدە دینار،

*** چۆن منداڵەکەت دۆزییەوە؟** ماڵەکە ئاشنا دەرچوو بوو، کوری زاواکەم بۆمی هێنایەوە.

*** منداڵەکەت چۆن بەخێو دەکەیت؟** واللە، لەگەڵ دایکم دا بەخێویان دەکەم و لەشیرە بایەعیەکە دروست دەکەم ئەیدەم بەکچەکەم بەراستی ژیانمان تاڵە و قەت خۆشیمان بەخۆوە نەدیوە.

*** ئەی براکانت یارمەتیتان نادەن؟** ئەوانیش ژن و منداڵی خۆیان هەیە لەم ڕۆژەدا، ئەوان دەتوانن بەهانای ژن و منداڵی خۆیان بچن بۆیە ناتوانن یارمەتی من بدەن.

*** ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان تائێستا یارمەتی نەداون؟** ئێمە هیچ خزمەتێکمان پێ نەکراوەو هیچ یارمەتیەکیشمان لەحکومەتی هەرێم وەرنەگرتووە، ئێمەش وەکو خەڵکی کوردستان، تووشی بەدبەختی و ئاوارەیی هاتووین کاتی ژیانمان لێرەو، لەرابردوو زۆربەی لەنێو ئەشکەوتەکان بووە لەترسی کیمابارن و کوشتن.

*** ئێستاکە کەش و هەوا، روبەگەرمی دەروات ئێوە چۆن گوزەران دەکەن لەماڵەوە؟** ئێمە بەراستی لەم گەرما زۆر ژیانمان ناخۆش دەبێت و ئارەزووی مەرگ دەکەین، تەنانەت موبەریدەیەکمان نیە تاکو خۆمانی پێ فێنک بکەینەوە.

*** لەکۆتایی دا پرسیارم لێ کرد سەرەرای ئەم هەموو نەهامەتیەی کە بەسەرت هاتووە، ئایا قەت لەدایکت توورە بووی؟**

نەواللە قەت لێی توورە نەبووم خزمەتیشی دەکەم، لەکۆتایی دا بەپێکەنینەوە کەپڕبوو لەبەسەرهاتی تاڵ و ناخۆش، ئەم لاو ئەملای ماچ کردم و خوا حافیزی لێکردم.

**سازدانی/هێرش عەبدوڵڵا**




**لە سلێمانی: خولی فێربوونی شۆفێری لەناو کۆڵانەکان ئەنجام دەدرێ**

**فۆتۆ: ڕۆژگار**